# ئاین و دیموکراتیەت..چ جۆرە پەیوەندییەك؟

ن/خەلیل عەنانی*

و/ هێمن مەحمود/

دەربەندیخان

Hemnm1979@yahoo.com

لەو کۆمەڵگایانەی کە ڕووەو دیموکراتیەت هەنگاو دەنێت پەیوەندی نێوان ئاین و دیموکراتیەت گرنگییەکی تاییەتی هەیە،هەروەها بەوەی ئەم پەیوەندییە پاڵنەرە یاخود ڕێگاگرە لە گۆڕانێکی وەها،سەرەڕای کۆنی مەسەلەکە و خستنەڕووی بەچەندین شێوەی جیاواز،کەچی هەر بەیەکێك لەئیشکالیەتەکان دەمێنێتەوە و پاڵنەرێك دەبێت بۆ دوبارە بیرکردنەوە و تەئویلکردنەوەی ئەویش بە پێی پێویستیە پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی هەروڵاتێك.

ئەوەشی کە وادەکات دوبارە ئەم بابەتە بخرێتە ڕوو،بەتاییەت لەجیهانی عەرەبیدا،ڕوداوەکانی ئەم دواییەیە کە ( هەیمەنە )ی دیاردەی ئیسلامگەرای پێوەدیارە،هەروەها ڕوبەرێکی فراوانی لەفەزای گشتی داگیرکردوە،بەجۆرێك کە دووبارە چۆنێتی پەیوەندی نێوان ئیسلام و دیموکراتیەتی خستە ژێرپرسیارەوە،ئەو بابەتەی کە زەمەنێکی( فیکری ) درێژی بەدرێژایی سەدەی ڕابوردوو لەجیهانی عەرەبیدا بەخۆیەوە خەریککردبوو.

وەك ئەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق ومیسر و فەلەستین ،و ئەو ئەنجامانەی کە شێوازێکی( ئیسلامیانەی ) هەبوو،دوبارە ئەم جەدەلەی لەچوارچێوەی فیکرەوە گواستەوە قۆناغی جێبەجێکردن بەجۆرێك دیموکراتیەت شەپۆلێکی دیکەی ئیسلامگەرای لەخۆیدا هەڵگرت کە ئێستا کۆمەڵگا عەرەبیەکان ڕوبەڕوی دەبێتەوە.

ئێستا، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە،وەك چۆن پێشتریش وەهابو،دەربارەی گونجانی نێوان ئیبسلام و دیموکراتیەتە،ئەم تێکەڵاوبونە بەهۆی سندوقی دەنگدانەوە بوە،بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە:تاوەکو کوێ ئەم (لەیەکترمارەکردنە ) بەردەوامدەبێت.

ڕەنگە یەکێك لەسەرەتاکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوبارە چاوپیاخشاندنەوەبێت بەباتەکەدا لەهەمو لایەکەوە ،لەگۆشەی نێوان ئاین و دیموکراتیەتەوە،وە تا چەندێك ئاین بەرژەوەندی تاك دەپارێزێ،یان لەڕویدا دەوەستێ.

ڕەنگە کارێکی بەسودبێت کە لەگەڵ ئەم ئیشکالیەتەدا( ئاین و دیموکراتیەت ) هەڵبکەین و بیانخەینە ژێر پشکنینەوە،ئەگەر هەرچەندە کەمیش بێت،وە چۆن چۆنیش ئەزمونی ڕۆژئاوایی لەگەڵیدا هەڵیکردوە، وە گەشتۆتە چ ڕێگایەکیش، لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ نوسینەکانی هەریەك لە (مایکڵ کۆربت ) و( ژۆلیا میتشڵ ) لەکتێبەکەیاندا( ئاین و سیاسەت لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا )،ئەم نوسەرانە باس لەوەدەکەن کە لەفیکری ئەمریکیدا دەربارەی مەرکەزییەتی ئاین یان ڕۆڵی ئاین سێ ڕەوتی بڵاو هەیە بەنسیبەت دیموکراتیەتەوە، وە ئایا بونەتە پاڵنەر یان ڕێگریشی؟

ڕەوتی یەکەم،لایەنگرانی پێیان وایە کە ئاین ڕێگرە لەبەردەم دیموکراتیەتدا،چونکە ئەوانەی بەناوی ئاینەوە قسەدەکەن باس لەوەدەکەن کە حەقیقەتی ڕەها لەلای ئەوانە جابۆیە ناتوانرێت هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵیاندا بکرێت و ناتوانرێت لەگەڵیاندا بگەیت بەهیچ سیغەیەکی تەوافوقی کە ئەمەش بناغەی فیکرەی دیموکراتیەتە.

بەڵام ڕەوتی دوهەم بەپێچەوانەی یەکەمەوە وایدەبینێت کە ئاین  هۆکارێکی کاریگەر و پاڵنەرێکی بەهێزە ڕوە و دیموکراتیبون،چونکە جەوهەری ئاینەکان بریتىیە لە لێبوردەیی و نەرمونیانی،کە ئەمەش لەگەڵ فیکرەی دیموکراتیەتدا دێتەوە کە لەسەر لێبوردەیی لە بەرامبەر ئەوانی دی و نەرمونیانی لەخستنە ڕوی بۆچونەکاندا بنیاتنراوە.

دواتر ڕەوتی سێهەم دێت،هەوڵی گونجاندنی ئەم دوو ڕەوتە دەدات لەگەڵ یەکتریدا ،و پێی وایە ئاین پێویست و گرنگە و ناتوانرێت لەهیچ کۆمەڵکایەکدا دەستبەرداری ببین،بەڵام دەبێت تاوەکو ئەو خاڵە بێت کە دەربڕی( ویژدانی هەموەکی نەتەوەکان بێت ) واتە ئاین ببێت بەو پاشخانە گەورەیەی کە لەناویدا هەموو ئەو فیکرە و بڕوایانەی تیادابێت کە تاکەکان دەجوڵێنێت.

لێرەدا ئاین ڕۆڵی ( ڕێکخەری خود ) دەبینێ لە بزاوتی کۆمەڵگەدا،ئەو بەشێوەیەکی توند بەشداری ناکات، وەك چۆن وازیشی لێناهێنێت کە فەوزا ڕوبدات و نەتوانرێت بەسەریدا زاڵببێت.ئەم جەدەلەشە کە وادەکات ڕۆژئاوا بەم چەمکە بەرفراوانە ئاین وەربگرێت کە وادەکات فیکر و ئایدۆلۆژیاکان بە لەسەرخۆیی نەشونمابکەن و لەکۆتاییدا بگەن بەو بڕیار و ڕێکەوتننانەی کە کۆمەڵە سیاسیە جیاوازەکان پێی دەگەن.

هەر بە هۆی ئەم مەنتیقەوەیە،کۆمەڵکا ڕۆژئاواییەکان توانیویانە لەچوارچێوەیەکی مەعریفی و فیکریدا دەربارەی پەیوەندی ئاین بەدیموکراتیەتەوە خۆیان بنیات بنێن،هەر زۆر بەزویش توانیان لەو دوانەیە خۆیان ڕزگاربکەن،دیاریشە ئەم جەدەلە و جیاوازیانە لەچوارچێوەی ئاینی مەسیحیەتدا بوە ، و زۆرجاریش ئاینی جولەکە، وەك نوسەرانی ناوبراو بڕیاری لەسەر دەدەن.

ئەمەش ئەم پرسیارە دەخاتە ڕوو،ئایا واباشتر نیە کە جیهانی ئیسلامی لەم ئیشکالیەتە ڕزگاری بێت،بەتایبەتی کە ئاینەکەی ئەو هەموجار بە لێبوردەیی ونەرمونیان و ئازاد لە خستنەڕوی بیروبۆچونەکاندا وەسفدەکرێت، کە ئەمانەش هەمان ئەو بەهایانەن کە بناغەی ( پتەوی ) دیموکراسیەتن؟

وەڵامی پرسیارەکەش ،وا پێدەچێت ئاسان و بەدیهیبێت،بەڵام گۆڕینی بۆ پەیمانێکی بەهادار کە هەموو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی  لە چواردەور کۆبێتەوە،ئەرکێکی قورسە،ئەوەشی مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات بەنیسبەت جیهانی عەرەبیەوە،کە لەشوێنانی دیکە بەفیعلی چارەسەر کراوە،وەك تورکیا و مالیزیا و ئەندەنوسیا و پاکستان،دوپاتکردنەوەی گرنگی سیاقی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەگونجاندنی لەگەڵ قەزیەکەدا.

لەڕاستیدا فیکری ڕۆژئاوایی زیرەك بوە لەوەدا کە  گرنگی ئاینی لەژیانی گەلاندا بەگرنگ زانیوە،چونکە هیچ ڕژێمێکی سیاسی ،هەرچەندە کراوەش بێت ،بەدورخستنەوەی ئاین و یان کردنە دەرەوەی لەژیانی تاك و کۆمەڵگاکاندا ناتوانێت بەهێزبێت یاخود بەهێزی خۆی بپارێزێت،( ئەمریکا زیاتر لە 80 ملیۆن مەسیحی مولتەزیمی تیادایە،لەسەروی هەموشیانەوە جۆرج بۆش )،ئەوەی پێویستە دەبێت وەها سەیری ئاین بکرێت کە هۆکارێکە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ ،نەوەك هۆکارێك بۆ دەست خستنە بینەقاقای مرۆڤ و خنکاندنی.

---

* نوسەرێکی میسرییە

سەرچاوە/ الحیاە

2006/4/5